نێچیرڤان بارزانی و هەئیسی، جەخت لەو بڕەودان بە پەیوەندییەکان دەکەنەوە

بەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە 2024/5/6 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ تاران لەگەڵ ئیبراهیم هەئیسی، سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆبوونەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم باویکردووە:-لەو کۆبوونەوەکەدا هەریەک لجگرانی سەرۆك و وەزیری ناوخۆ و شاندکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا جەختیان لەو بڕەودان بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوگڵی بازرگانی و پەیوەندیی ئابووری کردەوە، هەروەها ستایشی پەیوەندیی دێرین و مێژوویی نێوان کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستانیان کرد.

سەرۆك هەئیسی سوپاس و پێزانینی کۆماری ئیسلامی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی بۆ ئەو هاریکارییەی پشکەش بە زیارەتکارانی ئێرانی بۆ مەزارگەی پیرێزەکان لەو باشووری عێراق دەکات لەو کاتی تێپەڕبوونیان بە هەرێمی کوردستاندا. لای خێیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی

کوردستانیش سوپاسی پشتگیری و هاریکاریی ئێرانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد.

لەو تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا داکۆکییان لەو پێویستی و گرنگیی بەردەوامیی هەماهەنگی و هاریکاریی هاوبەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە.